# ئەگەری گۆڕینی نەخشە ستراتیجیەکەی ئەمریکا
# بە نەخشەیەکی نویٚ

## سەلام عومەر

هێشتا شەش مانگ ماوە بۆ یەکلایی کردنەوەی نەخشە ستراتیجیەکەی بۆش، کە مەبەستیەتی لەم ماوە کورتەداو بەپاڵپشتی ئەو هێزو بودجەیەی بۆ عێراق تەرخان کراوە، بارودۆخ ئاسایی بکاتەوە، بەلاّم ناوەندە فەرمیو دەزگا سەربازیو حکومییەکان لە ئەمریکا، هەر لەئێستاوە نەخشەی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا دەنەخشێنن، هەر لایەنەو بەجۆرێك دەڕوانێتە میکانزمی پاشەکشەی هێزەکانو (بنکەی پێشکەوتن خوازی ئەمریکی) کە بنکەیەکی چەپڕەوە بۆ توێژینەوە ستراتیجییەکان، پێشنیاری کردووە هەرچی زووە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا پاشەکشە بکات، تەنها 8 بۆ 10 هەزار سەربازی ئەمریکی لەکوردستاندا بمێنێتەوەو پارێزگاری لەو ناوچە ئارامە بکەن، کە هەڕەشەی دەوروبەری لەسەرە، ئەم بنکە چەپڕەوەی ئەمریکا، دەڵێ : وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قەرزاری کوردەکانن، چونکە لەوەتەی عێراق لەلایەن وڵاتەیەکگرتووەکانەوە داگیر کراوەو بەڕێوەی دەبەن، باشترین دۆستو هاوکاری ئەمریکا بوون، ئەوە جگە لەوەی زۆر جاران بۆ سەرکەوتنی نەخشە ستراتیجیەکەی ئەمریکا لە عێراقدا بەشێك لەئازادی و دەستکەوتەکانیان خستۆتە خزمەتی ئەمریکاوە، بۆیە لەهەموو بارێکدا ئەمریکا لەسەریەتی پارێزگاری لەو ناوچە ئارامە بکات کە هەتا ئێستاش پەنایە بۆ سەربازەکانی ئەمریکا.

(لورنس کورب) یەك لەتوێژەرەوەکانە لەم بنکەیەو دەڵێ: چەند هێزەکانی ئەمریکا پەلە بکەن لەپاشەکشە، هێندە زووتر بارودۆخ لەناوەڕاستو خوارووی عێراق یەکلایی دەبێتەوە، چونکە ئەزموونەکانی رابردوو ئەو راستییەیان سەلماندووە، کە کێشەی مەزهەبیو خێڵەکی ئەم وڵاتە ئیسلامیانە، هەرگیز لەرێگەی هێزێکی دەرەکییەوە چارەسەر ناکرێ، بەڵکو خۆیان دوای ماندووبوون کێشەکانیان بەلایەکدا دەخەنو ئەگەری سەرکەوتنی ئەمریکاش لەم پاشەکشە خێرایەدایە کە پێشنیار کراوە.

ئەوەی تا ئێستا ناوەندە سیاسیو سەربازییەکانی ئەمریکای سەرقاڵ کردووە ئەو پرسە ستراتیژیەیە کە سەرەتایەکی باشی هەبوو بۆ دەستکەوتەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بەلاّم بەهۆی حەزی دەسەڵاتو بەکەنارکردنی هەندێ لایەنی دی لەناو پرۆسەی ئازادی عێراقدا، نەخشەکەش بەرەو شکستو ئەو دارمانە چوو، کە هەرچی دەکات ناتوانێ ئاراستەی روداوەکانی بەرەو ئەو دیموکراسیە بەرێت کە لەعێراقدا بانگەشەی بۆ دەکرێتو دەستیان ناکەوێ.

چونکە توێژەرە ئەمریکییەکان لەدوایین هەڵوێستیان بەرامبەر شەڕی درێژخایەنو لەپاڵیدا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، گەیشتنە ئەو بۆچوونەی رەخنە توندەکانی ناوەندە نێو دەوڵەتییەکانو کوژرانی سەربازە ئەمریکیو هەڵڕژانی داهات بۆ بنکە سەربازییەکان. گەورەترین فشاری شێل گیرە لەسەر نەخشە ستراتیجییەکەی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتیش کە هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا توانیان لەماوەیەکی کورتی چاوەڕوان نەکراودا رژێمێکی سەربازی گەورە تەفرو تونا بکەنو، بەلاّم بۆ چوار ساڵ دەچێت نەیانتوانیوە تیرۆر جگە لەسێ پارێزگاکەی کوردستان، لەیەك لە پارێزگاکانی عێراق لەناو ببەن.

ئەوان پێیان وایە شکست لەدوای شکست بەسەر ئەمریکا دێت لەناو عێراقدا، لەرووی سەربازییەوە هەزاران سەربازی لێکوژراوە، لەرووی سیاسییەوە ئەنجومەنی پیرانو ناوەندی دەسەڵاتی ئەمریکای کردە دوو کەرتەوە، لەرووی داراییشەوە تادێ بەهای دۆلار بەرامبەر یۆرۆ نەختینەکانی دی لە پاشەکشە دایە، ئەوە جگە لەوەی ماوەی نێوان دەسەڵاتی بۆشو هەڵبژاردن، هێندە بەرتەسك بۆتەوە، سیاسەتی ستراتیژی ئەمریکای بە پەلەپروزە خستووە، بەجۆرێك لەنێوان شەڕی ساردو تیرۆردا تەنها سەردانەکان بۆ وڵاتانو پاڕانەوەیەکی ژێر بەژێری بەدەستەوە ماوە، ئەگەر نا نزیکترین هاوپەیمانی تۆنی بلێر بوو، کە هەمیشە لەدەستەڕاستی بۆشەوە بەرگری لەجەنگە یەك بەدوای یەکەکانی دەکرد، بووە سوتەمەنی نەخشە ستراتیجیەکەی بۆشو، ئەگەر ئەم بارودۆخە درێژە بکێشێ، بۆشیش هەمان چارەنووسی بلێر چاوەڕوانی دەکات.

لەراپۆرتێکی سەربازی ئە مریکادا هاتووە، پێویستە نەخشەی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، خێراترو باشتر بێت

لەچوونە ناوەوەی عێراق، چونکە ئامانجەکانی ئەمریکا لەناو عێراقدا، لەمانگی یەکەم تا سێیەمی جەنگ زۆر بە سەرکەوتووانە وەدی هات، بەڵام دواتر ئەم ئامانجو ستراتیجیانە لەنێو تەپو تۆزی شەڕو هەڵڕژانی تیرۆردا لەنێوچوون.

هەمان راپۆرت تیشك دەخاتە سەر ئەو دەستکەوتانەی لەکوردستان بەدەست هاتوون، کە دەکرا لەبری قوربانیدان بە بەشێك لەم دەستکەوتانەی کوردستان، بکرابا بەبنکەی پێشکەوتنو رەنگدانەوەی بۆ تەواوی عێراق، هاوکاری کرابانو هێندە لەدابەشبوونی عێراق نەترسابان، چونکە رەوشی عێراق لەوە بترازێ چیدی لێهەڵناهێنجرێ، عێراقییەکان خۆیان دابەش بوون بەسەر ئەم سێ کەلتورەی کە لەنێوان باشوورو ناوەڕاستو باکووریدا جیاوازییەکی زەقی جوگرافیو زمانو دین هەن، بۆیە گۆڕینی ستراتیجیەتی ئەمریکا لە بەرژوەندیو جەنگەوە, بۆ ئەو رەوش و واقیعەی لە گۆڕەپانەکەدا هەیەو عێراقیەکان خۆیان ئەوە دەخوازنو لەو مانەوەو سەرباز زیاد کردنە باشترە کە عێراقی بەرەو وێرانەو کوشتارگە بردووە, بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخەش چۆن بەشێکی هەرە زۆری عێراقی لە نێو تاواندا نقووم کردووە ئەمریکاش دەخرێتە نێو ئەو جەنگە بەردەوامەی قەت بەکۆتانایە,لەم نێوەندەشدا ئەگەر پرسی کوردی وەك ئێستاو پێشنیارەکەی (بنکەی پێشکەوتنی ئەمریکی) بمێنێتە وە تادێ سنوری جوگرافی بەرفراوانتر و باشتریش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەیناناسێ, سەرجەم پێشنیارو راپۆرتەکانی ناوەندە سیاسیو سەربازیەکانی ئەمریکاش بەبایەخەوە باس لە کوردستان دەکەنو ئەم ئاوەدانیو ئارامیەی ئێرە بەجۆرێك سەرنجی ڕاکێشاون.

خەریکە لە تەواوی بۆ چونەکانیان نەخشەی دابەش بوون جێگەی نەخشە ستراتیجیەکان بگرێتەوە.